رەعد سەلیم:
ئەندامی مەکتەب سیاسی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق
23-12-2004

مەسەلەی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هەمیشە پرسیاری لەلای هەندی لایەن و کەس دروست کردوە، بەوەی ئەگەر ئەو هێزانە لەعێراقدا بچێتە دەرەوە ئەوا شەری داخلی دروست دەبیت یان عێراق دابەش دەبێت، یان شیرازەی ژیانی خەلکی دەکەویتە خەتەرەوە. ئەمانەو گەلیگ پرسیاری تر......هتد.

ئێمە هەر لەسەرتاوە لە دژی شەر و سیاسەتی ئەمریکا وەستاینەوە وەهەر ئەوسا ئێمە ئەنجامەکانی شەر و دوای شەرمان بە ئاشکرا راگەیاند، ئەوەمان ووت کە ئەو شەرە چ مالوێرنکاریەك بۆ خەلکی عێراق بەدی دێنێت، ئەوەمان ووت کە لە عاقیبەتی ئەم شەرەدا چۆن جەریاناتی ئیسلامی سیاسی و قەومی بەهێز دەبن و شەری بەرەی کونەپەرستانەی خۆیان لەگەل ئەمریکادا دەگویزنەوە ناووەی عێراق، لەمەشەوە ژیانی مەدەنیەتی خەلك بەتەواوی دەکەویتە خەتەرەوە وەسیناریوی رەش بەسەر خەلکی عێراقدا دەسەپێنێت.

مەسەلەی ئەمەریکا لە عێراقدا مەسەلەی چەکی کوکوژی رژیمی بەعس نەبوو، مەسەلەی روخاندنی دیکتاتوریەت نەبوو، مەسەلەی دیموکراسی و ئازادی نەبوو، مەسەلەی عقوبەی بەرپرسیارانی 11 سێپتێمبەر نەبوو، بەلکو مەسەلەی ملهوری سیاسی و سەربازی ئەمریکا بوو لە جیهاندا، مەسەلەی ئیستراتیجیەتی سیاسەتی ئەمریکا بوو لە جیهاندا بۆ ئەوەی بتوانی لەگۆشەیەك لەجیهاندا کە بەرژەوەندی خوی بخاتە ژیر پرسیارەوە تداخولی سەربازی بکات وسەرکوتی بکات.

مەسەلەی روخاندای صەدام حسین هەر ئاوا قورس نەبوو کە ئەمریکا ادعای بۆ دەکرد کە گوایە بەو نەبێت نارووخێت، نمونەکەشی لە خروشاندنی جەماوەری 91 ی خەلکی عێراقدا گەر ئەمریکا نەبوایە ئەوا سەدام دوو روژی تری لەنەمەنی حکومدا نەمابوو، گەورەکردنی صدام حسین وکردنی بە و هیتلەرەی کە رووخانی زور زەحمەتە هەر راگەیاندنی پەنتاگون و سی ئای ئەی بوو.

با بگەرینەوە سەر ئەسلی پرسیارەکە. ئیمە لەسەرەتادا ووتمان با هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بچنە دەرەوە، وەلەجیاتی ئەوە هیزەکانی سەر بەتەوە یەککگرتوەکان بێنە شوینی، تاکو خەلکی عێراق لە هەلبژاردنیکی ئازادا حکومەتی خوی هەلدەبژیریت. بەلام پاش مانەوەی ئەمریکا لە عێراقدا و هینانی شەری خوی و ئیسلامی سیاسی بۆ ناو ژیانی خەلك ئیتر مەسەلەی تەواوی هیزەکانی ئەمریکا و هەتا فرەنەژاد و تا دەگات بە هیزی سەر بەتەوەیەککگرتوەکان هەموویان چوونە یەك تای ترازووەوە لەبەرانبەر خەلکی عێراقدا وە نەتەوە یەککگرتوەکان بەرەسمی چووە بەرەی ئەمریکاوە . کوژرانی 100 هەزار لە خەلکی مەدەنی بەس بوو بۆ عێراقیەکان کە چ احساسی لەبەرانبەر ئەو هیزانەدا دەربرن، بۆیە هەر ئەم تەرحەش واتە هیزەکانی سەر بەتەوە یەککگرتوەکان ئیستا جایگای نییە وە ناتوانی ئارامی و ئەمن بۆ عێراقیەکان مسۆگەر بکات.

ئەوەی کە ئەمریکا بچیتە دەرەوە شەری داخلی دەقەومی و حکومەت دەبیت بە حکومەتی تیرورستان ئەمە بۆچوونیکی واقعی نىیە وزۆرتر خەریکە کاریکەری راگەیاندنەکانی پەنتاگون عەکس دەکاتەوە ە. لە راستیدا وجودی ئەمریکا خۆی هینانەبەرهەمی تیرورستانە، وجودی ئەمریکا خولقینەری فەزایە بۆ تیرورستان هەتا تیدا بەهیز بن، بە چوونە دەرەوەی ئەمریکا ئەمانە لەساحەی سیاسی عێراقدا وجودیان نامینیت یان زور زەعیف دەبن، ئەمریکا بۆ ئەو لاینە تیرورستیە ئیسلامیانە وەکو ئاوی موقەتەر وایە بۆیان هەر کە ئاوەکەت لێکردنەوە گیانیان وشك دەبێتەوە.

ئیمە دەلین دەبیت دەست بەجی هیزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بچنە دەرەوە، ئەمەش من پیم وایە بە ئیرادەی بەرەی مەدەنیەت و خەلکی ئازادیخوازی عێراق دیتەدی و هەر ئەم هیزەشە دەتوانی دەستی ئیسلامی سیاسیش لەسەر ژیانی خەلکی کۆتابکات . بەنەزەری من جینشینی چوونەدەرەوەی ئەمریکا تەنها ئیمە، واتە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و کۆمەلانی خەلکی کریکارو زەحمەتکیش وئازادیخوازی عیراقە، ئەم بەرەیە ئەگەر دەستی ئەمریکاو هیزە سەربازىیەکانی لەسەر لابچیت دەتوانن کۆمەلگابەپىی بەرنامەی دەولەتیکی ئازاد وسکولا رو سوسیالیستی ریکبخەن وئەمنەیت وئاسایش بۆخەلك بگیرنەوە